# قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون

جوان حوسێن
(سلێمانی)

## دەسپێک

پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون دیاردەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵە، لەئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتنی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و گۆڕان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم دیاردەیە بەردەوامی و هەمیشە نوێبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ. ئەوەی لەمەش گرنگترە ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییانەن کە تاک و کۆمەڵگا بەرهەمیان دەهێنن و لە دیاردەوە بەرەو قەیران دەڕۆن و چیتر پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون ناتوانێت بەردەوامی لە بونیادنان و نوێکردنەوە و ڕێکخستندا بەرجەستە بکات. هەر بۆیە لەبەر ئاڵۆزی قەیرانەکان باس لەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دەکەین کە ئەمڕۆ چەندین قەیرانی بەرهەم هێناوە و پرۆسەی بەکۆمەڵگابوونی لاواز و سست کردووە. لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەیەکی وا گرنگ ئاماژەکردنە بە پرۆسەیەکی گرنگ و دواجاریش دەرخستنی قەیرانەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیەیە کە دەتوانێت ببێتە دەنگێک لە ئاست ئەو بێدەنگییە فراوانەی تاکی ئێمەی خامۆش کردووە.

مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە ناساندنی خودی دیاردەکەیە و ئاماژەدانە بە ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمڕۆی کورد کە ڕۆڵێکی گەورە لە شێواز و سروشتی پرۆسەکەدا دەگێڕێ، لەگەڵ خستنەڕووی کاریگەری سیستمی سیاسی لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و بەردەوام بەرهەمهێنانی قەیران، هەروەها چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەم ڕەوشەی ئێستا و کارکردن بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکان و ئەمەش لەپێناو لابردنی سانسۆرەکانی بەردەم پرۆسەکە و سەیرکردنی وەک بەشێک لەو گۆڕانە ئاساییەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆوەی دەبینێت.

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە لەبارەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و تایبەتە بەکۆمەڵگای کوردی، بۆیە بەپێویستمان زانی مامەڵەیەکی خودی لەگەڵدا بکەین و جیای بکەینەوە لە پرۆسە جیهانییەکانی وەک جیهانگیری و...تاد کە دەتوانرێت دەرەنجامی ئەم جۆرە دیاردانە بەسەر هەموو کۆمەڵگایەکدا بگشتێنرێت، بەڵام پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون دیاردەیەکە بەپلەی یەکەم لەسەر بنەمای ستراکتۆری کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا بونیاد دەنرێت و سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆیە پێویست ناکات لەو سنوورە بچینە دەرەوە و باس لە قەیرانە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان بکەین، ئەوەی ویستوومانە کاری لەسەر بکەین چڕکردنەوەی بابەتەکەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە بریتییە لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی لە پاش ڕاپەڕین مومارەسەکردنی دەسەڵات لەلایەن کوردەوە، لەبەرئەمە نەچووینە ناو مێژووی کورد و ڕابردوو و کاریگەری لەسەر ئەمڕۆ، چونکە ئەمە خاسیەتی وردبینی لە لێکۆڵینەوەکە

دەستێنێت و زیاتر بەرفراوان دەبێت...هەروەک ئێمەش کە باسی چەند قەیرانێک دەکەین کە هۆکاری سەرهەڵدان و گەشەکردنیان لەپاش ڕاپەرینەوە بۆ خولّقاوە، سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕووی زەمەنەوە دیاری کراوە و لەڕووی شوێنیشەوە تایبەتە بەو بەشەی کوردستان کە ئازاد کراوە و کرانەوەیەک بەڕووی تاک و کۆمەڵدا ڕووی داوە و بەکۆمەڵگابوونیش وەک دیاردەیەک خۆی دەخاتە نێو کایە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

بێگومان میتۆدی لێکۆڵینەوە ڕێگایەکی گرنگە بۆ بینینی واقیعی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، ئەم ڕێگایەش لەلایەن چەندین سۆسیۆلۆژیست و تیۆریستەوە هێنراوەتە ئاراوە. پییێر بۆردیۆ پێیوایە کۆمەڵگا بەگشتی و تێکڕا پێکەوە تاوتوێ ناکرێت، بەڵکو بەسەر چەند یەکەیەکی بچووکدا دابەشی دەکات تا کاری تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی بۆ ئاسان بکەن. هەروەک دەڵێت لە واقیعدا ناکۆکی و دژایەتی لەنێوان دوو تیۆردا نییە کە بریتیین لە بونیادگەرایی و خودگەرایی، بەڵکو یەکتری تەواودەکەن، هۆیەکەشی ئەوەیە جیهانی کۆمەڵایەتی خەسڵەتێکە دوالیزمی ئەزەلی هەیە و مرۆڤ بەسروشتی خۆی خود و بابەتە، کۆمەڵگەش بەهەمان شێوە. هەر کاتێک دەکەوینە تاوتوێکردنی کۆمەڵگە پێویستە ڕەچاوی هەردوو مەنهەجیەتەکە بکەین. وەسفی بابەتی پێش حوکمی فەردی دەکەوێت نەک بەپێچەوانە، بۆیە ئەولەویەت دەگەڕێتەوە بۆ مەنهەجیەتی یەکەم (١).

## پێناسە و چەمکە سەرەکییەکان

**کۆمەڵ:** کۆمەڵە خەڵکانێکی دیاریکراون، لەهەریەکێکیاندا هەستکردن بە یەکەیەکی تۆکمە بەرجەستە دەبێت، فۆڕمی کارتێکردنی نێوانیان لە بازنەیەکی نیمچە چەسپاودا دەبینرێت.(٢)

کۆمەڵ، کۆمەڵە تاکێک کە لە کۆیەکی بچووک، یان گەورەدا دەبینرێن، بەشێوەیەک دەژین یارمەتی و هاوکاری یەکتر بەرجەستە دەکەن، نەک تەنیا لە بەرژەوەندییە دیاریکراوەکاندا، هەروەها لە حاڵەتە سەرەکییەکانی ژیانێکی هاوبەشدا هاوکاری بەرجەستە دەکەن.. (٣)

کۆمەڵ لەسەر بناغەی هەندێ فۆرم و بەهای دیاری کراو و نرخی کۆمەڵایەتی وەکو هاوخوێنی، هاوڕەگەزی، خزمایەتی، ئیمان ، وەلائەت، هاوکاری..تاد دروست دەبێت.

ڕووبەری ژیان لەم جۆرە کۆمەڵانەدا پابەندی قەدەرێکە و هەر ئەم جەبرەشە ئەندامەکانی بەیەکەوە دەبەستێت.

ئەم فۆڕمەش لەسەر بناغەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت کە بنەمای پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنێت، مەرجیش نییە هەموو پەیمانێک نووسراو بێت، دەشێت لە باوانەوە بۆ نەوە بۆ یەکتری بگوێزرێتەوە و پیادە بکرێت..(٤)

دەتوانین بڵێین کۆمەڵ کایەیەکی کۆمەڵایەتییە و ژمارەیەک تاک بۆ چەند ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کۆدەکاتەوە، مەرجیش هەموو تاکەکان ئامانجیان هەمان ئامانجی کۆمەڵەکە بێت، بەڵام مەرجە بۆ دەستگیربوونی ئەو ئامانجە هەوڵ بدەن.

**کۆمەڵگا:** کاتێک بوونی دەبێت کە خەڵکان خاوەن ئیرادەی خۆیان بن، ئەو ئیرادەش بەکار دەخەن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان، لەنێوان خۆیان و کەسانی دەوروبەر، هەمان کات ئیرادە لە هەوڵی پاراستنی ئەو پەیوەندییانەدایە، هەموو فۆڕمەکانی پەیوەندی، لەم جۆرە ڕێکخستنەدا مەبەستگەرایییە.(٥)

کۆمەڵگا تێکچڕژانێکی ئۆرگانی هەردوو جیهانی ژیان و ڕووبەری ژیانە، ئەم دوو جەمسەرەش پێویستی بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە بەبوونی سیستمێک لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، چونکە بەبێ بوونی ئەو سیستمە ناتوانین باس لەکۆمەڵ و کۆمەڵگا بکەین (٦).

(ماکس ڤیبەر) کۆمەڵگا بە سیستمێکی ڕێکخستنی ئاڵۆز پێناسە دەکات دەڵێت تۆڕێکی گەورەی تێکچڕژاوترە لە پەیوەندی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بناغەی ڕێکخستنی عەقلانی دروست دەبێت و خاوەنی دەستورو ڕێساو (پەیمانی کۆمەڵایەتی نووسراو)ی تایبەت بە خۆیەتی ئەم ڕێسایانەش دەبن بە ئامانجی ئەو ڕێکخستنەو جۆرێک لە عەقلانییەتی نۆرماڵ دروست دەکەن (٧).

کۆمەڵگا چوارچێوەیەکی داخراوی شورابەند نییە، کە یەکجارو بۆ هەمیشە دروست بوو بێت، کۆمەڵگا هەمیشە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە لە دۆخی دروستبوون و خۆگۆڕیندایە (٨).

کەواتە کۆمەڵگا، ڕێکخستنێکی بەردەوامە کە ڕەفتاری تاکەکان ئاراستە دەکات بەچەندین ڕێگاو شێواز هەوڵی هاوسەنگی دەدات لەنێوان دەست بەسەراگرتنی ئازادی و دانانی سنوورێک بۆ دیاریکردنی کردە

کۆمەڵایەتیەکان ، بۆئەوەی پارێزگاری لەو ڕێکخستنە بکرێت، کەواتە پێکهاتەیەکی دوو فاقەیە کە هەردوو ڕەهەندی دەست بەسەراگرتن و ئازادی پێکەوە تەواوی دەکەن، ئەم ڕێکخستنەش دواجار سیستمێکی ڕێکخراو بەرهەم دەهێنێت.

**بەکۆمەڵایەتیبوون:** پرۆسەیەکە مرۆڤەکان لەو ڕێگایەوە، بیروباوەڕ و مەیل و بەهاو پێوەر و دابونەریتەکان لە کولتووری کۆمەڵگاکەیان وەردەگرن، تاک لەڕێگای ئەم پرۆسەیەوە شارەزای کولتوور دەبێت، هەموو کەسێک لەم ڕێگەیەوە زانیاری و بیروباوەڕو بەهاو پێوەر و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای خۆی وە دەست دێنێت..(٩).

بەکۆمەڵایەتیبوون ئەو کات دەست پێدەکات کە لە کۆمەڵە خێزانیەکان گرووپی گەورە دەبنەوەو ئەمانیش لەنێوان خۆیاندا چەند پێوەندییەکی ژیوارکی دروست دەکەن کە دەسەڵاتی ڕۆحی ئایینی دەهێنێتە کایەوە، بەڕای (کۆنت) خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەتاییە و نموونەی هەموو کۆمەڵایەتیکردنی مرۆڤە، لە خێزانەوە گرووپی خوێنی پێشکەوتنی بنەڕەتی بەدی دەکرێ..(١٠)

بەکۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەکە کار لەسەر تاکەکان دەکات تابتوانن بەداب و نەریت و فۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئاشنابن و خێزان بەپلەی یەکەم ناوەندی بەگەڕخستنی ئەم پرۆسەیەیە.

**پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون:** بەو پرۆسەیە دەگوترێت کە ئامانجێکی عەقڵانی لە پشت ئەو کردە کۆمەڵایەتییەوە بێت، لەسەر بناغەی دروستکردن و ڕاگرتنی سیستمێک لە ڕێکخستن بەند بێت، کە ماف یاخود بەرژەوەندی یان ئازادی کەسەکان یان گرووپەکانی تێدا بپارێزرێت، لە حاڵەتێکدا کە ئەم جۆرە ڕێکخستنە کاربکات ئەوا وەلائەت و هۆشمەندی تاکەکانیشی وادەکات کە بەرگری لەو ڕێکخستنە بەرامبەر بەدەرەوە بکەن و ئەوەشی جورئەتی لادان و تێکدانی بکات سزا دەدرێت، بەپێچەوانەشەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵانە کە لە فۆرمی شۆڕش، یان ڕاپەڕیندا بەرجەستە دەبێت و گۆڕانکاری لە پێوەندییەکانی دەسەڵاتداریتیدا دروست دەکات.(١١)

پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون ئەو شێوازەیە لە ڕێکخستن کە شەرعییەتی دەسەڵات بەدەست دەزگاکانەوەیە ڕۆڵ و ئەرکی دامەزراوە و دەزگاکان دیاریکراوە ئەم جۆرە ڕێکخستنە شەرعییەتی دەسەڵات لە تاکەوە دەگوێزێتەوە بۆ دەزگاکان و دەسەڵات کۆنترۆڵی شوێنەکان دەکات و زەمەنەکان یەک دەخات و ئاوێزانی کۆمەڵایەتی و سەروەری نەتەوەیی بەرجەستە دەکات.

**قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەو ساتەوەختەیە کە تێیدا پێوەندییەکان دۆخی ئاسایی خۆیان بەجێ دەهێڵن و دووچاری پێوەندی ناتەندروست دەبن واتە دەکەونە دۆخی نائاساییەوە.

مەبەستمان لە دۆخی نائاسایی ئەو کاتەیە کە تێیدا بەشە پێکهێنەرەکانی سیستمێک، یان لایەنەکانی پێوەندییەک چیدی ناتوانن هاوکاری یەکتر بکەن.(١٢)

قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی چەندین قەیرانی تری وەک قەیران لە دەستووری وڵاتدا دروست دەبن، ئەو کاتەی جیاوازی و لێک نەچوون لەنێوان دەقی یاسایی و دەستوور و مەیدانی جێبەجێکردن واتە کۆمەڵگادا تەریبییەک بەرجەستە نابێت...و لە کاتی بوونی جیاوازی لە نێوان دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتدا لەبارەی مەسەلەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری بەرچاو دەکەوێت.(١٣)

قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بەرەنجامی چەندین فاکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری...تاد، دەکرێت ڕاستەوخۆش بکەوێتە ژێر کاریگەری قەیران لە دەستور و دەسەڵاتی وڵاتدا، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆخێکی ئاساییەوە دەگۆڕێن بۆ پێوەندییەکی مەترسیدار، وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی قەیران لە بونیادی کۆمەڵگادا دروست دەکات.

### کورد و کۆمەڵگا پاش ڕاپەڕین.. لێک نزیک بوونەوە

ڕاپەڕین لە کولتووری کورددا گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر، لە حاڵەتی نادیار و نائامادەوە بۆ حاڵەتی دیار و ئامادە. ڕاپەڕین وەک موراديفی ڕێنیسانس بەسەر واقعی کۆمەڵگادا دەچەسپێت. گواستنەوەی کوردە لە بە پەراوێزبوونەوە بۆ گەیشتن بەناوەند، کە سەرجەم ئەمانەش دەبێت بکەرێکی ڕووداوو دروستکەر لە دوایەوە هەبێت و ئەو بکەرەش ڕاپەڕینە، کۆمەڵگا لە حاڵەتی نەگۆڕان و نائامادەیی دەباتە حاڵەتی بزاوتن و ئامادەیی.(١٤)

خاڵی گرنگ لە ڕاپەڕیندا کرانەوەی کۆمەڵگایە بەڕووی کۆمەڵگاکانی تر و بە ئاراستەیەکی تر بەڕووی تاکەکانی خۆیدا...

کۆمەڵگای کوردی وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر لەپاش ئازادی و پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەوڵی زیندووکردنەوە و بنیات نانەوەی بوارە خامۆش کراوەکانی دەدات، دەشێت ئەم پرۆسەی بنیاتنانەوەیە لە چەندین فۆرمی جیاوازدا بەرجەستە ببێت، ئەم فۆرمانەش خەسڵەتێکی تایبەتی بە کۆمەڵگا دەبەخشنەوە...

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ڕاپەڕین دەرگایەکی کرانەوە بوو بەڕووی کۆمەڵگاکانی تردا و بتوانین بڵێین کورد کۆمەڵگایەکی کراوەیە، چونکە هەموو کۆمەڵگایەکی کراوە بونیادی داخراوی تێدا بەدی دەکرێت و بەپێچەوانەشەوە کۆمەڵگا داخراوەکان خاڵی نین لە بونیادی کراوە.

کۆمەڵگای ئێمەش کۆمەڵگایەکی نموونەیی نییە، هەرچەندە کۆمەڵگاش دووربێت لە نموونەیی بوون، هێندە کۆمەڵگایەکی واقیعی و مرۆییە، لەناو ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و کارلێکردنەکاندا.

ئێمە لەپاش ڕاپەڕین بەرەو خۆدروستکردن و بوون بە کۆمەڵگا هەنگا و دەنێین، وەک کۆمەڵگایەکی واقیعی، کوردیش کەوتۆتە ناو ململانێی ساتە تاریک و ڕووناکەکانی خۆیەوە، دووچاری هەندێک کێشە و بەربەستی ئەوتۆ بووە کە نەدەکرێت بە کۆمەڵگایەکی کراوەی نسبی ناوی ببەین، نە بەکۆمەڵگایەکی داخراوی ڕەها..(١٥)

ئەنجامی ئەم واقیعەی کۆمەڵگاش سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ئابووری و...تاد دەبێت، پاش ئەوەی میللەتێک بە ئازادی دەگات، سەردەمی ساتە تاریک و نادیارەکانی تێدەپەڕێنێت و سەردەمی خۆنمایشکردن و پیشاندانی وێنا ڕاستەقینەکانی خۆی دەست پێدەکات.

پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون قسەکردنە لە پرۆسەیەکی سروشتی کە خودی تاکەکان لە هەوڵی بەگەڕخستنیدان، پاش پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و مومارەسەکردنی ئازادی، لە نێوان کارلێکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین دیاردە سەرهەڵدەدەن کە دواجار هەریەکەیان تەفسیری فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی دەکات.

هەموو دیاردەیەکیش هەردوو ڕەگەزی هاوکاری و دژایەتی لە خودی خۆیدا بەرجەستە دەکات. کەواتە ڕاپەڕین خاڵی گۆڕان و دەرکەوتنی وێنا ڕاستەقینەکانی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کورد بوو.. کە دەکرێت بە خاڵی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرچاوەگرتنی جووڵەی کۆمەڵایەتی ناوی بنێین.

بە تێڕوانینی هیگڵی، هەموو دیاردەکان لە جووڵە و گۆڕانی بەردەوامدان، گۆڕانیش بۆ ئەو ناکۆکییە دەگەڕێتەوە کە لە خودی شتەکاندا هەیە، سەلماندنی هەلومەرجێک لە هەمان کاتدا بەتاڵکردنەوەشی تێدایە..

ڕاپەڕین ناکۆکییە لەگەڵ هەموو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی میللەتێک و لە هەمان کاتدا سەلماندنی هەمان میللەتە وەک نەتەوە و هەوڵدانە بۆ مومارەسەکردنی ئازادی (١٦)

ئۆگست کۆنت، لە دینامیکای کۆمەڵایەتیدا باس لە گۆڕان و پەرەسەندنی وەک یاسایەکی سروشتی کۆمەڵ دەکات و دەیناسێنێت، ئەمەش وا دەکات گۆڕانکارییەکان بە ئامانجێکی ڕوون و بنیاتنەر تەواو ببێت. عەقڵانییەتە کە لە پشت گۆڕانکارییەکانەوە کاردەکات.

هەروەک پەرەسەندن لەسەر هێڵێکی ڕاست ناڕوات و دەشێت قەیرانی تووش ببێت و تێکڕای خێرایی و ئامانجەکەی بە مرۆڤەکان خۆیانەوە بەندە. هەموو گۆڕانکارییەکان لە ڕەهەندی ستاتیک بەدەرنین، ئەگەر نا، ئەو گۆڕانە بەرەو داڕمان دەڕوات..(١٧)

گۆڕانی کورد گۆڕانێکی ئەندێشە ئامێزە، گۆڕانە لە ترس و بەرگری کردنەوە بۆ بنیاتنان و بەرجەستەکردنی ماف و بەرژەوەندی و ئازادی و مومارەسەی دەسەڵات، ئەمەش سەرچاوەی گۆڕانە لە کولتوور و مێژووی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵ لەناو کۆمەڵگادا.

ئەم مومارەسەکردنی ئازادییە، ڕەفتارکردنە لەگەڵ بیروڕای جیاواز و بۆچوونە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، ڕێگادانە بە نمایش کردنی پرۆژەکانی بنیاتنانەوەی ستراکتۆرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

ڕاپەڕین هەلومەرجێکی بابەتی و بەرهەمهێنانی چەندین فاکتەری گۆڕان و لە بەرامبەریشدا سەرهەڵدانی دیاردە و ڕەوشتی تایبەتە بەبارودۆخێکی تایبەت. پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونیش بەرەنجامی کارلێکی چەندین کایەی کۆمەڵایەتی و کردەی کۆمەڵایەتی تاکەکانە، هەر ئەوانیش سەرچاوەی چەندین قەیرانی بەردەم پرۆسەکەن، هەر بۆیە ڕەوشی ئەمڕۆی کورد، قسەیە لەسەر ئامادەیی کایە کۆمەڵایەتییەکان لە بۆ گۆڕان و بە عەقڵانیکردنی کردە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە بۆ سەرلەنوێ ئاراستە کردنەوەی مێژوو.

ڕوونی لە ئامانج و لە کردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر کە

بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵی تێدا پارێزراو بێت. هەر بۆیە پێویستمان بە خوێندنەوەی کایە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت و زانینی ڕۆڵیان لە ئاراستەکردن و بوون بە قەیرانی بەردەم پرۆسەی بە کۆمەڵگا بوون. چۆن کایە کۆمەڵایەتییەکان ئاوێزانی پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون دەبن و چەند شوێنێکی تری کوردستان لەم پرۆسەیەدا پەراوێز دەخرێن و چەندین تاکیش بەهۆی هاوتانەبوونی زەمەنەوە لە دەرەوەی پرۆسەکەدا دەژین، تا چەندە ململانێ لە نێوان تاک و لەنێوان دەزگادا دەبینرێت بەشێوەیەک کە ببێتە هۆکاری پێشکەوتن و بەهەمان ئەندازەش تا چەندە بووە بەهۆی پەشێوی کۆمەڵایەتی و تێکشکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی.

پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون وەک پێوەندبەستێکی نێوان تاکەکان و یەکە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت بە ململانێ لەقەڵەم بدرێ.

ململانێ چەندە ڕەفتارێکی سروشتکردەو سیستمێکی غەریزی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوەندەش لەناو کۆمەڵگادا و لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونی کۆمەڵدا بە سیستیمازە دەکرێت و ڕەگەزێک و ڕەهەندێکی تریش وەردەگرێت کە پابەندی عەقڵە، واتە پابەندی ئەو جیهانەیە کە عەقڵ لێپرسراوی ڕێکخستنی سیستەمەکانی دەبێت.

ماکس ڤیبەر، خەباتی کۆمەڵایەتی لەپێناو دەسەڵاتدا دەکات بە خاڵی سەرەکی ڕاڤەکردن لەسەر بەشێکی دانبراوی ململانێی دەسەڵاتداریێتی، لەبەرئەوەی ژیانی پێکەوەیی مرۆڤ لە پێوەندییەکی کارلێکەر و کارلێکراوی بەردەوامدایە، ململانێ لەم پرۆسەیەدا کە لە بەکۆمەڵگابوونی تاکەکان و دۆزینەوەی یاسای پێکەوە ژیاندا بەرجەستە دەبێت.

ململانێ ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە ئاوێزانی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێ، چونکە هەریەکێ لەناو ئەو ڕووبەرانەی کە لەگەڵ یەکدا لە ململانێدان، خۆی بەڕەوا دەبینێت و لەوێشەوە دان بەبوونی یەکتردا دەنێن.(١٨)

## هاوشوێنی و هاوکاتی کورد

کاتێک باس لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون دەکەین، باس لە پرۆسەیەک دەکەین کە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیان لەناویدا دەبیننەوە، هیچ یەکێکیان پەراوێز ناخرێن، بۆ پراکتیزەبوونی ئەم حاڵەتەش سیستمێکی عەقڵانی دەسەڵات و سەروەریێتی پێویستە کە مرۆڤەکان و پێوەندییەکانیان ڕێک بخات و سنووری ئازادی و مافەکانیان لەیەکتر جیابکاتەوە و دیاریان بکات، هەر بۆیە ئامادەبوونی دەسەڵاتێک لەهەموو پنتی ئەو ڕووبەرەی کە دەسەلات تێیدا سەروەرە حەتمیەتێکی پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونە، هەمان کات دەسەڵاتداریێتی هەموو ئەو زەمەنە لێکدابڕاوانەشە کە یەکە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان پێکی دەهێنن.

بەم جۆرە ئێمە ڕووبەڕووی دوو مەرجی تر دەبینەوە لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون، مەرجی یەکەمیان هاوشوێنیە، واتە کۆمەڵێک گرووپی مرۆیی لە شوێنێکی دیاریکراو دەژین و خۆیان بەهاونیشتیمانی دەبینن.

مەرجی دووەمینیان، بریتییە لە یەکبوونی زەمەنی تاکەکانی ناو ئەو شوێنانەی کە دەسەڵاتداریێتی تێیدا سەروەرە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەسەڵاتداریێتی دەتوانێت دەستی بگاتە دوورترین پنتی شوێن لە زووترین کاتدا..(١٩)

لێرەوە دەسەڵات هەمیشە خۆی لە دڵەڕاوکێدا دەبینێتەوە، چۆن بتوانێت دەستی بگاتە دوورترین شوێن و لە هەموو کاتێکدا ئامادەبێت، کەواتە دەسەڵاتی کوردی قەدەری هاوشوێنی و هاوکاتی کوردەکان دیاری دەکات و سەروەریێتی دەسەڵاتی کوردی لەپاش ڕاپەڕین لەبەرهەمهێنانی یەک کولتوور کە هەموو مرۆڤەکان شوناسی خۆیانی لێوە هەڵهێنجێن دەبینرێتەوە.

حەقیقەتی دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە کە کەرتبوونی دەسەڵات بۆتە سیمای ئەو دەسەڵاتە و بەرهەمەکەشی شەڕی ناوخۆیە لە کولتووری ئێمە ئامادەیی خۆی لە ئەمڕۆشدا بەرجەستەکرد.

لە فۆرمێکی نیمچە هاوشێوەدا بەسەر تاک و زەمەندا تەحەکوم دەکات. مەترسی جەنگ لەوەدایە لە ئاڵۆزی پێوەندی نێوان دەزگاکانی حزب و دەزگاکانی کۆمەڵگاوە، پەریوەتەوە بۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگ وەک دیاردەیەکی سیاسی چیتر پێناسە ناکرێت، چونکە جەنگ لە دنیای ئێمەدا سیفەتی بەتەنیا سیاسیبوونی خۆی لەدەست داوە و بۆتە خەسڵەتێ لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، بەقووڵی بەناو هەناوی کۆمەڵگادا ڕۆچووە و بنەما سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی ئێمەی پەرژینرێژکردووە، هەر بۆیە کایەی سیاسی و دەسەڵات لەبری چارەسەری کێشەکان دەبێتە سەرچاوەی خولقاندنی کێشە.(٢٠)

بە بونیادبوونی جەنگ، ڕەتکردنەوەی ئێستایە و

دووبارەکردنەوەی مێژووە، پرۆسەی بەدوژمنکردنی مرۆڤەکانە لەیەکتر.. جەنگ چەندە ئامادەیی هەبێت، هێندە مرۆڤەکان لەیەکتر دوورن و پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان کاڵتر دەبنەوە، مرۆڤەکانیش هەوڵی دەربازبوون دەدەن لە واقیعی کۆمەڵایەتی و هەر بۆیە شەڕی ناوخۆ یەکەمین و کاراترین فاکتەری گەشەدان بوو بە کۆچ.

لەبری یەکخستنی کات و شوێنی مرۆڤەکان، دەسەڵات دەبێتە باشترین فاکتەری دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لەیەکتری. ئەم دوورخستنەوەیە تەنیا لە پێگەی جوگرافیدا نابینرێتەوە، بەڵکو لە دوورخستنەوەی دوو مرۆڤی یەک خێزانیشدا دەبینرێت، ئەمەش بۆشاییەکی زەمەنی لەنێوان کایە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەکات.

کەرتکردنی دەسەڵات دوورخستنەوەی مرۆڤەکانی ژێر هەر دەسەڵاتێک لە یەکتری، ئەمەش پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون لاواز و سست دەکات، مرۆڤەکانی دەرەوەی وڵات پێوەندیەکی باشتر و ڕاستەوخۆیان هەیە بە ناوەوە، لەکاتێکدا مرۆڤەکانی ناو کوردستان تەنیا هۆکارێکی پێوەندی لە نێوانیاندا نییە. چەندە پێوەندییەکان ناڕاستەوخۆبن. هێندەش دەموچاوەکان لەیەکتر دووردەکەونەوە، ئەمەش وا دەکات مرۆڤەکان هەست بە هیچ جۆرە هاوکاتی و هاوشوێنییەک نەکەن لەگەڵ دەسەڵاتەکەی تردا.

**تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کورد**

لەو ساتەوەی دەسەڵات دەتوانێت، سەروەرێتی بپارێزێت و ڕۆبچێتە ناو کایە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندییەکان ڕێک بخات، سیمای شارستانی و بونیادی دەگەڕێنێتەوە بۆ تاک و کایە کۆمەڵایەتییەکان.

بە پێچەوانەوە لەساتەکانی لاوازی دەسەڵات و گوێنەدان بە ڕێکخستنی شار و نەپاراستنی گیان و ئاسایشی هاووڵاتیان.

مرۆڤەکان ناچاردەبن بگەڕێنەوە بۆ بەهاو فۆرمە ڕەسەنایەتییەکان و وابەستە بوونیان زیاتر دەبێت بە بەها کۆمەڵایەتی و خێڵایەتییەکانەوە لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتدا، نەک هەر پێشکەوتن لە فۆرمی پێوەندی و ڕێکخستنی شاردا ڕوونادات بگرە دەگەڕێنەوە بۆ فۆرمە گوندنشینەکان.(٢١) لەگەڵ ئەوەی کە ڕاپەڕین بە ئامانجی سەربەخۆبوون هاتۆتە کایەوە، بەڵام تا ئێستا تاکی ئێمە بەڕووی خۆیی و بەڕووی کۆمەڵگادا نەکراوەتەوە، پرسیارێک ناکات کوردبوونی مانای چییە؟

بە تەنیا قسەکردن بە کوردی و خواردنی کوردی و جلوبەرگی کوردی، بەڵکو کوردبوونی کردارە نەوەک شوناسێکی نەگۆڕبێت. کردارە بەو مانایەی پرۆسەی دۆزینەوەیەکی بەردەوامە، پرۆسەی دەستکاریکردن و سڕینەوەیەکی بەردەوامە..(٢٢)

کرانەوەی کۆمەڵگا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی و ڕەنگە لە پاش ڕاپەڕین ئەم سیمایەش وەک تایبەتمەندییەک ببینرابێت، بەڵام کرانەوە لەسەر چ بنەمایەکە و بەچ ئامانجێک و لەچ ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا کرانەوە سوودمەند دەبێت.

کرانەوە پرۆسەیەکە کۆمەڵگای سەقامگیر و دڵنیا ئەنجامی دەدات، کە لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابووندا گەیشتۆتە باڵاترین ئاستەکانی بڕوابەخۆبوون، کۆمەڵگایەک هیچ ترسێکی لەدەرەوە نییە، توانای پێوەندی لەگەڵ دەرەوەدا هەیە بێ ئەوەی هیچ شتێکی نەتەوەیی و کولتووری و جەوهەری خۆی لەدەست بدات.. کرانەوەی کۆمەڵگایەکی داگیرکراو ئەمڕۆ نابێتە پێوەندییەکی کارتێکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکانی دەرەوەی خۆی..(٢٣)

کورد لە ڕابردوودا کۆیلەی دەرەوەو لە ئێستادا کۆیلەی جەنگە.. تایبەتمەندییەکانی جیاوازی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی پێگەیشتوو کە هەمیشە لە هەوڵی خۆ دروستکردن و خۆگۆڕیندایە.

کۆمەڵگای کوردی بەئازادییەک گەیشت کە دەیتوانی مومارەسەی ئازادی وەک ڕووبەرێکی فراوانی ئازادی تاکەکان بخاتە کارو..ماف و بەرژەوەندی تاکەکانیش بەرجەستە بکات. دەکرێت بڵێین ئازادی و دەسەڵات تایبەتمەندییەکی نزیکە لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابوونەوە گەر ئەو ئازادی و دەسەڵاتە لەپێناو ڕێکخستن و نوێکردنەوەی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکاندا بەکاربهێنرێت، ئەمەش وادەکات گۆڕان لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیدا ڕووبدات و تاکەکان خۆیان لەناو ڕێکخستنی بەردەوامدا ببیننەوە.

ئەمانە چەند تایبەتمەندییەکن کە کورد وەک میللەتێک خاوەنیەتی و دەتوانێت لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابووندا بیخاتەکار.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگای کوردی خاڵی نییە لەچەندین دەسەڵاتی بزوێنەری تر کە ڕێگا بەنوێبوونەوە نادەن و زۆرترین دەسەڵات مومارەسە دەکەن لەسەر ئاستی تاک و

کۆمەڵ، ئەمەش لەگەڵ پرۆسەی بە کۆمەڵگابووندا ناکۆک و نەگونجاوە، چونکە ئەم دەسەڵاتانە چەسپاوی پێوەندییەکان دووبارە دەکەنەوە و دەبنە تایبەتمەندییەکی ڕێگر بۆ پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون..

پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون پێویستی بەکارکردنێکی قووڵی خود هەیە کە سەرجەم تاکەکان لەو چوارچێوەیەدا کۆبکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی وەک زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش وفەرهەنگ و کولتووری کورد لە خزمەت پرۆسەی بە کۆمکەڵگابووندا بخاتەکار.

## ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کورد

## خێزان.. خێڵ.. عەشیرەت

کۆمەڵناسی ئەمریکی چارلس هورتن کولی زاراوەی گرووپە سەرەتاییەکان بۆ وەسفکردنی گرووپەکانی وەک خێزان و هاوسێیەتی بەکاردەهێنا، بە بڕوای کولی، ئەندامان لەم جۆرە گرووپانەدا فێری پابەندبوون بە بەڵێن و دڵسۆزی و پەیوەستی بەوانی ترەوە دەبن...

خەسڵەتە هاوبەشەکانی گرووپە سەرەتاییەکان بریتیین لە پێوەندی ڕووبەڕوو، وەفاداری، پەیوەستەیی سۆزداری، هاوکاری نزیک و پێوەندی برادەری... تاد.

لە ڕوانگەی کولییەوە هەر یەکێک لەم خەسڵەتانە ئامانجن نەک هۆ، گرووپی سەرەتایی بنچینە سەرەتاییەکانی مەعریفەی ژیانی پێشکەش بە تاک دەکات.

لەوانەیە گرووپ بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کەسێک، یاخود دوو کەس یاخود پشت ئەستوور بێت بە بەشداری هەموو تاکەکان.

لەوانەیە گرووپ هۆکاری سوودمەندی و چالاکی، یاخود لە کارخەرەوەی بێت.(٢٤)

خێزان وەک کایەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا ئەرکی سەرەکی خۆی لە پەروەردەکردنی منداڵدا دەبینێتەوە، ئەم کار لەسەرکردنی پەروەردەییەش لە قۆناغی لەدایکبوونەوە دەست پێدەکات و درێژترین زەمەنی تاکەکان داگیردەکات.. منداڵ لەناو خێزاندا لەدایک دەبێت و لەناو خێزاندا پەروەردە و گەورە دەکرێت و بەئامانجی پێکهێنانی خێزانێکی تر خۆی لە خێزانی سەرەکی قوتار دەکات.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا خێزان چالاکترین و کاریگەرترین ناوەندی مەعریفی ئاکارییە بۆ سەر تاکەکان و قووڵترین ڕۆچوونی لەناو هەست و سۆزو بیروبۆچوونی تاکدا هەیە.. لە هەموو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا دەستی گەیشتۆتە هەموو تاکەکانی و ئاراستەی کردوون.

تێڕوانینی سۆسیۆلۆژی بۆ خێزان، تێڕوانینە وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ، یان پاشکۆ، یان هەردوو خەسڵەتەکە، ئەمەش لەئەنجامی پشتبەستنی خێزانەوە وێنا دەکرێت.. گەر خێزان وەک گرووپێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەوا وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ کار لە تاکەکانی دەکات، دەشکرێت گۆڕاوێکی پاشکۆ بێت بەهۆی کاریگەربوونی تاکێکەوە گۆڕان بسینرێت، گەر وەک سیستمێک پێناسەی بکەین ئەوا سیستمێکی سەربەخۆیە وەک هەر سیستمێکی تری وەک دین و دەوڵەت. دەبێتە پاشکۆیەک ئەو کاتەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیستمێکەوە.

خێزان وەک ڕەهەندێکی کارلێکەر و کارتێکراو دەبینرێت لەیەک کاتدا، ئەم خوێندنەوەیە ڕووبەڕووی تاکەکانی خێزان و تەواوی کۆمەڵگا دەبێتەوە..(٢٥)

خێزان کاریگەرییەکی ئاراستەیی بەرەو ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەسەر منداڵدا هەیە، بەڵام خودی خێزان تاکێک بەرهەم دەهێنێت کە مافی پرسیاری زۆری نەبێت، وا لەتاک دەکات لە ژیان بترسێت و لە بەرامبەر دەسەڵاتیشدا ملکەچ بێت، کەواتە کار لەسەر ملکەچ پێکردنی تاکەکان دەکات بۆ سەرکردەیەک..(٢٦)

فرۆید کاتێک باس لە چەمکی چەپاندن دەکات و دەڵێت باشترین میکانیزمە کە کۆمەڵگا وەک قەڵغانێک بۆ بەرگریکردن لە پرسیار و ئارەزووی تاکەکان بەکاری دەهێنێت..(٢٧)

خێزانیش وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەو پێگەیەی کە کەسێتی تاک بەرهەم دەهێنێت، هەمیشە کار لەسەر میکانیزمی چەپاندن دەکات و هەر ئەم منداڵە چەپێنراوەش دەخاتە بەردەم واقیعی کۆمەڵگا و هەڵوێستەکانی. خێزانی کوردی زۆرترین ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئەستۆدایە، هەر بۆیە بەمافی خۆشی دەزانێت زۆرترین بەشداری هەبێت لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی تاکەکانیدا.

## خێڵ

ئەو دەسەڵاتە بەردەوامەی لەناو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ئامادەیی خۆی هەیە، ئەو خێڵایەتییەی تەحەکوم بەڕووبەری ژیان و جیهانی تاک و خێزانەکانەوە دەکات.. بە بەردەوامی لە واقیعی کۆمەڵگای ئێمەدا

بوونی هەیە، زیندووکــردنەوەی خــێڵ و چوونە ناو دەزگاکانی حکومەت دوا مومارەسەی دەسەڵاتی خێڵ و سەرەک خێڵەکانی کوردە بۆ ناعەقلانیکردنی پرۆسەی بنیاتنانەوە، سادەکردنەوە و خوێندنەوەی ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگایە بە سادەییەکانی خۆیان...

خــێڵ و بەشــداریکردنی لە دەزگــاکـاندا، مـەترسی تێکچوونی پێوەندییەکانی دەزگاکانە بەهۆی بەربەرەکانی و پێکدادانی خێلایەتییەوە لەناو خۆیاندا هەمان شت دەگوێزنەوە بۆ ناو دەزگاکان.

قوربانیانی شەڕی ناوخۆو داگیرکردنی هەر پنتێکی وڵات کاردانەوەی بنەماڵەو خێڵی لێدەکەوێتەوە و شەڕ لە فۆرمێکی سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ ململانێی خێڵ و تۆڵەسەندنەوە..(٢٨)

لەدوای خێزان خێڵ ئەو گرووپەیە کە تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە دەتوانین بڵێین خێڵ پێگەی خۆی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە دەست نەداوە. خێڵ کۆیەکی گەورەیە کە لەسەر بنەمای سرینەوەی جیاوازییەکانی ناو (کۆ) بچکۆڵەکانی ناو هەناوی دروست دەبێت هەمان بونیادی خێزانە، بەڵام لە پانتاییەکی گەورەتردا.

لەئاستی کۆمەڵایەتیدا خێڵ کۆبوونەوەی کۆمەڵێ خێزانە لەچوارچێوەی پێکهاتەیەکی گەورەتر لە خێزان، هەر بۆیە ڕێسای دروستبوون و کارکردن و بەردەوام بوونی ئەو یەکە کۆمەڵایەتییەیە لەسەر سرینەوەی جیاوازییەکانی ئەو خێزانانە پێک دێت کەدەچنە ئەو بازنەیەوە(٢٩).

تاکی ئێمە لەگەمەیەکدایە سەرتاپا دژ بەیەک و ناکۆکن لەگەڵ یەکدیدا، ناچارە دەموچاوی خۆی وا لێ بکات بۆ ئەوەی ڕوخساری خێڵ دەربکەوێت، شوناسی خۆی بدۆڕێنێ بۆئەوەی شوناسی خێڵ بباتەوە، تاکەکان پێویستە وەک یەک بژین، وەک یەک بیربکەنەوە و تەنیا شوناسێک بناسن کە شوناسی خێڵە.

لەلایەکی ترەوە ئەو ڕاوبۆچوون و شوناسەی ناچار بووە بیچەپێنێ، دەبێ لە ئاستێکی تردا بەڕووی دەرەوەی خێڵ و لەدژی خێڵی تر بەرزی بکاتەوە.(٣٠)

ئەو جەنگە لە لێسەندنەوەی مافی تاکەکان نەبێت، هیچی تر نییە و جگە لە داگیرکردنی ڕووبەری ژیان و جیهانی ژیانی تاکەکان هیچ مانایەکی تری نییە.

خێڵ خەون بە فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیەوە دەبینێ، هەر بۆیە پەل دەکێشێتە شارەکان. بە فراوانکردنی ئەو دەسەڵاتەش تاک بە هەموو ماناکان دەسڕێتەوە، تاک ناچار دەبێت بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە شوناسی خۆی دیاری بکات.(٣١)

ئەم پرۆسەی فراوانکردنی دەسەڵاتی خێڵە کە سیمایەکی دەسەڵاتی کوردییە بە شێوەیەک ئاوێزانی دەزگاکان دەبێت، کە نازانرێت خێڵ هاتۆتە ناو دەزگاوە، یان دەزگا چۆتە ناو پێکهاتەی خێڵەوە. ئەم پرۆسەی ئاوێزان بوونە بە شێوەیەک دەبینرێت کە حزبی کوردیش چۆتە چوارچێوەیەکی خێڵەکییەوە.

ئەمەش پرۆسەی خێلایەتیکردنی دەزگا و کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە کە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی گەورەی بەردەم پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونە.

### عەشیرەت

دەستەیەکی سیاسییە و تایەفە و تیرە و دەستە و تاقمی خزمی یەکترن، هەر عەشیرەتێک لە تایفەیەک، یان زیاتر پێک دێت، تایەفەش لەچەند تیرەیەک، عەشیرەت سەرکۆی گشت تیرەکانە..(٣٢)

لیج عەشیرەت بە دەستەیەکی سیاسی ناودەبات و تایەفە و تیرە بەدەستەو تاقمی خزمی یەکتر..(٣٣)

سەرەک عەشیرەتەکان لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کورددا ڕۆڵی سەرکردەو بڕیاردەر دەبینن، هەرچەندە ستراکتۆری عەشیرەتگەرایی و خێڵگەرایی لە دەیەکانی ڕابردوودا بەرەو کزبوون دەچوو، بەڵام دروستکردنی(افواج خفیفة) لەلایەن ڕژێمی بەغداوە ئەو ستراکتۆرەی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە.

لە دوای ڕاپەرینیش شەڕی ناوخۆ بووە هۆی سەرلەنوێ گرنگیدانەوە بە خێڵ و عەشیرەتەکان لەلایەن حزبە کوردییەکانەوە.. سەرەک عەشیرەت قەدەری ژیان و مەرگی تاکەکان بە بڕیارێک یەکلادەکاتەوە، چ لە شەڕی عەشایەری، یان شەڕی حزبی، چونکە سەرەک عەشیرەتەکان پەرلەمانتارێکی خاوەن پلە وپایەو بڕیارن لە کاروبارە سیاسییەکاندا ڕاوێژیان پێدەکرێت.

هێنانی سەرەک عەشیرەت بۆ ناو کایەی سیاسی و بڕیاری سیاسی زیندووڕاگرتن و فراوانکردنی دەسەڵاتێتی وەک هەر سیستمێکی تری ڕەسمی.

تا هەنووکە خێڵ و عەشیرەت بەرگری لە گۆڕان دەکەن و دەسەڵاتیان پتەوتر دەکەن.. کایەی سیاسیش وەک ستراکتۆرێکی سەربەخۆ و حساب بۆکراو لە هەموو ڕەوشە سیاسی و نەتەوەییەکاندا مامەڵەی تایبەت و کاری تایبەت بەڕاوبۆچوونیان دەکات..

**پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.. فۆرمی پێوەندییەکان.. فراوان بوونی پێوەندییەکان**

یەکێک لەو چەمکانەی کە دەچێتە بازنەی پێوەندییەکان و بگرە زۆرێک لە پێوەندییەکانی ئێمە دەگرێتەوە، خزمایەتییە، کە دەکرێت بە پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی خێزان پێناسەی بکەین، خزمایەتی وەسفی پێوەندی دانەبڕاوی ئێمە دەکات لەگەڵ دایک و باوک وخوشک و براکانماندا، یان بۆ تۆڕێکی فراوانتری خزمایەتی واتە مام و پوور و خاڵ و منداڵەکانیان و..تاد، بەکاربرێت.(٣٤)

زۆرجار وشەی هاوخوێنی بەکارهێنراوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای (لەیەک خوێن) دێت، لەم حاڵەتەدا خزمایەتی لەڕێی باوکەوە دیاری دەکرێت، ژمارەیەکی زۆری خزمان لە شوێنێکدا یان لە نزیکی یەکترییەوە ژیان بەسەر دەبەن کە پێک دێت لە داپیرەو باپیرەو کوڕەکانیان، هاوسەرو منداڵەکانی کوڕەکانیان و تەنانەت هەندێ جار نەوەی ئەمانیش.(٣٥)

تاکەکان لە خێزانەوە ژیان دەست پێدەکەن، لە نێوانیاندا تۆڕێک لە پێوەندی بەرقەرارە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابووندا لە فۆرمی هاوخوێنی و خزمایەتی تێدەپەڕێت، چونکە شوێن چیتر نابێتە جەبرێک بەسەر تاکەکان و دوورو نزیکیان لە یەکترەوە لاوازی و پتەوی پێوەندییەکان دیاری ناکات.

لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا خزمایەتی و هاوخوێنی بنەمای پێوەندی کۆمەڵایەتییە، چونکە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون لە دۆخێکی باشدا بەرجەستە دەبێت، لە کاتێکدا پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون بەندبوونی مرۆڤ بەشوێن و کاتەوە تێک دەشکێنێت و پێوەندی و بەندبوونێکی نوێ دروست دەبێت کە لە جۆری نوێی دابەشبوونی کارو جیاوازی کۆمەڵایەتی و گرووپی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن، گرووپە کۆنەکان یان ون دەبن یاخود خۆیان لەگەڵ پرۆسەی بە کۆمەڵگابووندا دەگونجێنن.(٣٦)

تاکەکان لە ئەنجامی کۆچکردنیان بۆ دەرەوە چەندین پێوەندی نوێ دروست دەکەن، لەهەمان کاتدا هەرچەندە لە خزمەکانیانەوە دووربن پێوەندی نێوانیان هەر دەمێنێت..

لە شارەکاندا دابەشبوونی کار و پسپۆڕێتی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە فراوانکردنی کۆڕی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاڵۆزی پێوەندییەکان جێگای سادەیی و خزمایەتی دەگرێتەوە...

ناتوانین بڵێین لە شارەکاندا پێوەندی خوێن و خزمایەتی لەناودەچێت، بەڵکو لەگەڵ ئەمانەشدا چەندین پێوەندی کارو هاوڕێیەتی دروست دەبێت، وا دەکات ئامانج لەپشت هەموو پێوەندییەکانەوە ببینرێت، هەر بۆیە ماکس ڤیبەر باس لە دوو جۆر لە پێوەندی دەکات کە لە ئەنجامی دوو جۆر لە کردەی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەون، پێوەندییەکیان لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی و مەرج نییە نووسراو بێت، هەموو تاکەکان لەسەر بناغەی نرخ و بەهای جیا جیا پێکەوە دەبەسترێن..

پێوەندی دووەمیان تۆڕێکە لە پێوەندی کۆمەڵایەتی، کە ئامانجێکی عەقڵانی لەپشت ئەم پێوەندییانەوەیە و مرۆڤەکان بە ئیرادەی خۆیان هەڵاوێردی ئەم فۆرمی پێوەندییە دەکەن..(٣٧)

پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون هەمیشە لە گۆڕینی فۆرمی پێوەندییەکانی تاکدایە و ئەمەش لەپێناو بنیاتنانەوەی تاکەکاندا، بۆئەوەی ڕۆتین نەبێتە خاسیەتی کردە کۆمەڵایەتییەکان و تاک پرسیار لە پێوەندی و ژیانی خۆی نەکات.

عەقلانییەت لە پێوەندی و لە ڕێکخستنی زەمەنی تاکدا یەکێکە لە خەسڵەتەکانی پێوەندییەکانی شار و نزیک دەبێتەوە لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون.

**تاکی کورد پێگەیەک لەناو خێزان و کۆمەڵ، یان باڵادەستبوونی یەکە کۆمەڵایەتییەکانە**

جۆن لۆک پێی وایە مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی ئاشتیخواز و هاریکارە لەبەرئەوە ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئاسایی دەستەبەر دەبێت، پاراستنی بەرژەوەندی تاک لەئەستۆی دەوڵەتدایە، کۆمەڵگای سروشتی پشت بە پەیمانی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، یان ڕێکەوتنی هاوبەش، ڕۆسۆ باس لە گەڕانەوەی سروشت دەکات و پێی وایە سەروەری خەڵک دەستەبەر دەکات، بەڵام ئەگەر دۆکترانیەکەی ڕۆسۆ لە دەوڵەتە گەورەکاندا پیادەبکرێت ئەوا (ئیرادەی گشتی ڕەها دەبێت) ..(٣٨)

تاک لەکۆمەڵگای ئێمەدا تاچەندە خاوەنی بڕیاری خۆیەتی و پێگەیەکە لەناو خێزان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا؟

خێزان یەکەمین کایەی کۆمەڵایەتییە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی مرۆڤەکاندا، هەر لەوێشەوە سنوورە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان فێردەبێت، دەسەڵات لەنێوان خێزانی کوردیدا دابەش دەبێت لە پلەی باوکایەتییەوە تادەگاتە بچووکترین ئەندامەکانی خێزان.

تاکی ئێمە هەر لەدایک بوونیەوە تا کۆتایی ژیان کار لەسەر لایەنێکی دەکرێت و لایەکی تری فەرامۆش دەکرێت.

ئەرک لە کولتووری ستراکتۆری کۆمەڵایەتی ئێمدا پانتایی داگیرکردووە، هەمیشە دەوتریت پێویستە ئەوە بکەین و ئەوەیان نەکەین، چونکە کۆمەڵگا قبووڵی ناکات. لایەنەکەی تر کەباسی لێوە ناکرێت، مافی تاکە لەژیان و جیهانی ژیان و هەڵبژاردن و تەنانەت قسەکردن و پرسیارکردنیشدا، هەر بۆیە مرۆڤی ئێمە تاکێکە لەترس و بەکەم زانین.

ئەمەش باڵادەستبوونی کایەی کۆمەڵایەتی دەردەخات، کەتاک بەیەک ئاراستە پێدەگەیەنێت و ئیش و کارلێکردنە ، قسەو بۆچوونی ئەو گەر نەڵێین بەهەند ناگیرێت، دەتوانین بڵێین لە سنوورێکی ئێجگار کەمدایە، بەڕادەیەک خێزان سەرچاوەی بڕیاردان و ئاراستەکردنی تاکە کە ناتوانێت لە بڕیارە خودیەکانیشدا قسەی خۆی هەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەو دووفاقییەی کە کۆمەڵگای ئێمە لە تاکەکاندا بەرهەمی دەهێنێتەوە، دەرەنجامی دووفاقەیی باکگراوندی خێزانی ئێمەیە، هەرچەندە لە شاردا دەژین و دەمامکی شارنشینیان پۆشیوە، لە بیرکردنەوە و ڕەفتارو مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خێڵ و بەرهەم هێنانەوەیەتی لە فۆرمێکی تردا(٣٩)

تاکی ئێمە گەر بە بروانامەو شوێنی نیشتەجێبوون پێودانگ بکرێت، تاکێکی ئەکتیڤ و کاریگەرەو دەتوانێت لە پانتاییەکی فراواندا تاکێکی کارا بێت.

گرفت لەوەدایە تاکی ئێمە سەربەخۆ نییە، هەمیشە پاشکۆی عەقڵیەتی خێڵ و دووبارەکردنەوە و پارێزگاری کردنە لە پێگەی سەرەک عەشیرەت و داب ونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگا.

ئەمە بە پلەی یەکەم سڕینەوەو دابڕینی تاکە لە بیرکردنەوەو هەوڵەکانی بۆ گۆڕان، جارێکی تر کردنی شارەکانە بە گوندێکی گەورەو بەرجەستەکردنی هەمان تاکی دووفاقییە لە ڕەفتار و بیرکردنەوەو تێڕوانیندا. پێویستە تاک قسەیەکی هەبێت لە ئاست ئەرکەکانیدا. جیاوازییەکی هەبێت لەگەڵ هەموو دووبارەبووەکانی خێزان و کۆمەڵدا.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- هاشم ساڵح، (پیێر بوردیۆ) و سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ، گۆڤاری سەردەم، وەرگێڕانی، شوان ئەحمەد، ساڵی ٢٠٠١ ، ژمارە،١٤،ل ٧-٨.

٢- جوردن مارشال، موسوعة علم الاجتماع، الجماعة والجماعة الاجتماعية، سنة،٢٠٠٠، الطبعة الاولى، ص٤٤

٣- ر.م ماكيڤر، الجماعة دراسة في علم الاجتماع، الناشر الفكر العربي، سنة ١٩٦٨،ص٢١.

٤- ئاراس فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠.

٥- ر.م ماكيڤر، نفس المصدر، ص٢٤.

٦- ئاراس فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠.

٨- ڕێبوار سیوەیلی، لە تۆڵەوە بۆ لێکبووردن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٤٣)، ل٧.

٩- لویس. ئەی. کۆسەر، ئۆگست کۆنت، وەرگێڕانی ئەلبێرت عیسا ، گۆڤاری سەردەم، ژمارە(٧)، ل١٣-١٤.

١٠- مەنوچیهر موحسینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، ڕێبوار سیوەیلی، موصلیح ئیروانی، ئەبوبەکر عەلی، موراد حەکیم، دارا سوبحان، تەحسین تەها، دڵشاد حەمە، ساڵی ٢٠٠٢، چاپی یەکەم، هەولێر، ل١٣٣

١١- ئاراس فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

١٢- ڕێبوار سیوەیلی، مۆدێرنێتی و قەیران، گۆڤاری سەردەم، ئابی ١٩٩٩، ژمارە٤، ل١٠.

١٣- د.عبدالوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، الجزء الاول، ١٩٧٩،الطبعة الاولى، ص١٥٩.

١٤- عەتا قەرەداغی، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا، ١٩٩٩، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل١٧٢.

١٥- ڕێبوار سیوەیلی، لە تۆڵەوە بۆ لێکبووردن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٤٣)، بەرواری١٦-١٢-٢٠٠١، ل٧.

١٦- بەیاد عەبدولقادر، دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ،١٩٨٧، بەغدا، چاپی یەکەم، ل٤٣

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠

١٨- ڕەهەند، ساڵی ١٩٩٨، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە(٦)، ل ٥٩ - ٦١

١٩- ئاراس فەتاح،دەسەڵاتداریێتی و پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون، گۆڤاری ڕەهەند، ساڵی٢٠٠٠، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە٩-١٠، ل ٣٧

٢٠- مەریوان وریا قانع، شەڕی ناوخۆ- خێڵ- حزب - سیاسەت، گۆڤاری ڕەهەند، نێوەندی ڕەهەند بۆ

لێکۆڵینەوەی کوردی، ساڵی ١٩٨٦-ژمارە(١)،ل ٢٣
٢١- د.علي الوردي، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، سنة ١٩٩٨، الطبعة الثانية، ص ١٤
٢٢- بەختیار عەلی، سەدەی ناسیۆنالیزم، بەرەو دارشتنی زەمینەیەکی تیۆری بۆ خوێندنەوەی ناکۆکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، گۆڤاری ڕەهەند، ساڵی ٢٠٠٠، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە٩-١٠، ل ١٣٩
٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ١٦٣-١٦٤.
٢٤- مەنوچێهر موحسینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی، ڕێبوار سیوەیلی، و... ، ساڵی٢٠٠٢، هەولێر، ل١٧٤-١٧٥.
٢٥- د.محمد الجوهري، و...، دراسة علم الاجتماع، سنة ١٩٧٥، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، ص٢٦١-٢٧٠.
٢٦- ویلهلم ڕایش، خێزانی دەسەڵاتخواز وەک دەزگایەکی پەروەردەیی، وەرگێرانی، حەسەن یاسین، گۆڤاری گوتار،١٩پ، ژمارە(٥)
٢٧- جەمال حوسێن، کۆمەڵگا، تاک وەک وێنەیەکی کار لەسەرکراو، گۆڤاری نما، ساڵی٢٠٠١،ژمارە(٤)، ل١٠٤
٢٨- د.فالح عبدالجبار، دەوڵەت و کۆمەڵگا و خێڵ لە عێراقدا-١٩٦٨-١٩٩٨ گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ساڵی٢٠٠٢، ژمارە(٢٣)، ل١٦٢.
٢٩- مەریوان وریا قانع، هەمان سەرچاوە، ل٣٨-٣٩.
٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٤٠.
٣١- نیهاد جامی، کۆمەڵی مەدەنی وەهمی حزب و خەونی خێڵ،گۆڤاری نما، ساڵی٢٠٠١، ژمارە(٤)،ل٦٧
٣٢- مارتن ڤان برونەنسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێرانی کوردۆ، ساڵی ١٩٩٩، چاپی سێیەم، ل ٨٠.
٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.
٣٤- مەنوچێهر موحسینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٢
٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩١.
٣٦- ئاراس فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.
٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
٣٧- کەریم عومەر، دەوڵەت و مرۆڤ، گۆڤاری گوتار، ساڵی ١٩٩٩، ژمارە(٧-٨)، ل ١٩٣-١٩٤.
٣٩- د.علي الوردي، وعاظ السلاطين، سنة ١٩٩٥، الطبعة الثانية-بيروت، ص٣٦-٤٨.